


# کامێرایەکی چاودێری بە کوالیتی 4K

کامێراکانی چاودێری بۆ وردبینی وچاودێری کردن باشتر لە پاسەوانێك ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن، لەو کاتەوە کامێرا چاودێرییەکان بە فرەیی لە جیهاندا سوودیان لێوەردەگیرێ، ڕێژەی ئاشکراکردنی تاوانەکان زۆر زیاتر بووە و جار هەیە لە ماوەدای کەمتر لە چەند خولەکێکدا تاوانبار دیاری دەکات.

یەکێك لە کامێرا چاودێرییەکان کامێرای جۆری Arlo Ultraیە، کە دەتوانێت وێنەکان بە کوالیتی HDR 4k تۆمار بکات. گلۆپێکی پرۆژکتەری تێدایە کە لە شەوی تاریکیشدا فیلمەکان هەر بەو کوالیتییە دەگرێت.

بۆ پەیوەندی ئەم ئامێرە تەنیا ئەوەندە بەسە کە کامێرا سەرەکییەکە لە ڕێگای کێبڵەوە بە ڕۆتێرەوە پەیوەند بدەی.

کامێرای چاودێری ئاوبراو ١٨٠ پلە بەدەوری خۆیدا فیلم هەڵدەگرێتەوە. باتری کامێراکە دەتوانێت هەتا سێ مانگ یان هەتا شەش مانگ شەحنی دانابەزێت و بە ٤ کاتژمێریش پڕ دەبنەوە.

کامێراکە بەشێوەی ئۆتۆماتیکی مرۆڤ و ئاژەڵ و کەلوپەل لێکجیا دەکاتەوە، بۆ نموونە جوڵەی ئۆتۆمبێلێك و پشیلەیەك جیا دەکاتەوە. بە دەنگ فەرمان بەسەر کامێراکە دا دەکرێ و لەگەڵ سیستەمی ئەلکسا و گوگل ئاسیستانت دەگونجێت.

# شاشە زیرەکەکانی فەیسبوک بۆ پەیوەندییە ڤیدیۆییەکان

فەیسبوك و گوگل و ئامازۆن هەر لە بەستێنی ماڵپەڕ و تۆڕی کۆمەڵایەتیدا خۆیان قەتیس نەکردووە و هەوڵ بۆ بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێش دەدەن. لەم ماوەیەدا گوگل تەبلێت و مۆبایل و لاپتۆپ و...تاد بەرهەمهێنا. فەیسبوکیش نوێترین شاشەی تایبەت بە پەیوەندییەکانی واتە پورتاڵ و پورتاڵ پلاسی بەرهەمهێناوە.

هەروەك ئاماژە پێدرا ئەم دوو شاشەیە بۆ پەیوەندی ڤیدیۆیین، بەڵام پەیوەندی بەکۆمەڵ وەك ئەوەی ئەندامانی ماڵەوە پێکەوە لەگەڵ یەك قسە بکەن، یان بەکارهێنەرانی ئەم پورتاڵانە دەتوانن بۆ وانە خوێندن لە ڕێگای دوورەوەش سوودی لێببیندرێ، بەتایبەت بۆ پەخشە ڕاستەوخۆکان ئەوانەی کاری ڕاگەیاندن دەکەن دەتوانن سوودی زۆری لێببینن.

شاشەی پورتال دە ئینجە و بەقەد تەبلێتێك دەبێت و کوالیتی نیشاندان لەو شاشەیەدا ئیچ دییە. بەڵام شاشەی پورتال پلاس شاشەیەکە ١٥ ئینجییە و بە کوالیتی فول ئیچ دی نیشان دەدا.

کۆنترۆڵ کردنی پورتاڵەکان ئاسانە، تەنیا بە دەنگ کۆنترۆڵ دەکرێن و بەکارهێنەر دەتوانێت بە دەنگی خۆی فەرمانەکان ئەنجام بدات، ب ۆنموونە بە ئاسانی دەتوانی بە دەربڕینی دەستەواژەی (hey portal) و پاشان دەربڕینی ناوی ئەو کەسەی مەبەستییەتی دەستبەجێ پەیوەندی لەگەڵ دەگرێت و هەردوو سیستەمەکەش لە سیستەمی دەنگی ئەلکسای ئامازۆن پشتیوانی دەکەن.







# یەکەم تاکسی فڕۆکەی ئوبێر دەستی بەکار کرد

ئۆبێر گەورەترین کۆمپانیای خزمەتگوزاری تاکسییە. لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا خزمەتگوزارییەکانی بەردەوامن، لەم دواییەدا لە هەرێمی کوردستانیش بەشی (ئۆبێر تاکسی) کراوەتەوە.

کۆمپانیای ناوبراو لەم ماوەیەدا یەکەم تاکسی هەوایی خۆی خستەڕوو، ئەم تاکسییە لە ساڵی ٢٠٢٣ زاینیدا گشتگیر دەبێ و دەخرێتە بواری خزمەتگوزاری هاتووچۆوە.

تاکسیە هەواییەکەی ئۆبێر بە uber air ناسراوە، دەتوانێت چوار کەس هەڵبگرێت. هەرچەندە هەتا ئێستا خەرجی گواستنەوەی نەفەرات دیاری نەکراوە، بەڵام پێدەچێ لە کۆپتەر و فڕۆکە هەرزانتر بێت و زووتریش بگاتە شوێنی مەبەست، چونکە لە مەودایەکی کەمتر لە فڕۆکە و کۆپتەردا هاتووچۆ دەکا.

یەکەم گەشتی لە شارەکانی دالاس و لوس ئەنجلوس ئەنجام دەدا.



# شیائومی دەستبەندی مای 4ی خستەڕوو




کۆمپانیای شیائومی کە یەکێکە لەناسراوترین کۆمپانیاکانی چینی و لە ریزی هواوی دێت، لەم ماوەیەدا نوێترین ڤێرژنی دەستبەندی مای خۆی خستەڕوو، کە بە ڤێرژنی (مای باند ٤) ناسراوە.

دەستبەندە نوێیەکە شاشەیەکی جۆری ئیمۆڵدی لەسەرە و دیزاینەکەی بەرادەیەك سەرنج راکێشە کە سەرنجی بەکارهێنەرانی بۆ لای خۆی رادەکێشێ. یەکەم دەستبەندیشە کە شاشەکەی رەنگیە.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی دەستبەندەکە ئەمانەن:

بە بەراورد لەگەڵ ڤێرژنی پێش خۆی واتە (مای باند ٣) لە بواری ستایلەوە سەرنج راکێشترە، چونکە شاشەکە رەنگیە و لەسەر شاشەکەش جامێك هەیە کە بەرگری دەکات لە شوخت گرتن، هەروەها لەمپەرێکیشە بۆ بەرکەوتن و کەوتنە خوارەوە. هەروەها لە قوڵایی پەنجا مەتر ژێر ئاویشدا کێشەیەکی بۆ نایەتە پێش.

دەستبەندەکە تایبەتە بە وەرزش و هەستەوەرێکی شەش ئامانجی لەسەرە، بۆ مەلەکردن و راکردن، لەش جوانی و پایکسل سواری و بەپێ رۆیشتن زۆر گونجاوە. جگە لەو ئەرکانەی باسمان کردن بۆ شێوازی خەوتنی بەکارهێنەریش سوودمەندە. جگە لەوەش لێدانی دڵ، پێوانی هەنگاو، رێژەی سووتانی کالۆری تێدایە و سیستەمی GPSێکی ناوخۆشی هەیە.




## کۆداکۆپتەرێک ستۆدیوکی سەربەخۆیە

ڕۆڵی کۆداکۆپتەرەکان واتە فڕۆکە بچووکە بێ فڕۆکەوانەکان گرنگی خۆی هەیە، ئەو ئاسانکارییەی کۆداکۆپتەرەکان دەکەین لە بوارەکانی فیلم هەڵگرتنەوەدا لە دەیەی ڕابردوودا دەبا تێچوویەکی زۆرتدابا، یان ئەم ئەرکەت بە کۆپتەر یا بە فڕۆکەی ئاسایی ئەنجام دابا. کۆداکۆپتەرەکان هەر ڕۆڵیان لە بواری فیلم هەڵگرتنەوەدا نییە، بگرە لە داهاتوودا دەکرێت وەك ئامێرێکی گواستنەوەی خێرا سوودی لێوەربگیرێت و یان وەك پۆستە بۆ گەیاندنی کەلوپەل بەکاربێت، وەك ئەوەی کۆمپانیای ئامازۆن هەوڵی بۆ دەدات.

کۆداکۆپتەری جۆری DJI studio ستۆدۆیەکی فیلم هەڵگرتنەوەیە بەتەواوی، ئەم فڕۆکە بچوکە هەشت ڕۆتۆر واتە باڵی هەیە بەهۆیەوە دەتوانێت تەنێکی ١٩ کیلۆیی هەڵبگرێ. بۆیە بۆ هەڵگرنی کامێراکانی Arri Alexa LF لەگەڵ ئاوێنەیەکی گونجاوی کامێرا، سیستەمێکی وایەرلەیسی دی جی ئای و لەگەڵ سیستەمی فۆکوس سوودی لێوەردەگیردرێت.

فڕۆکەی بچووکی ناوبراو دەتوانێت بە خێرایی ٨٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بفڕێت. لە فیلم هەڵگرتنەوە لەسەربەرزایی چیاکان و ناو دەریاکان سوودێکی زۆری لێدەبیندرێت.

## پێنووسی پرۆژکتەر



پرۆژکتەر واتە داتاشۆ بۆ نیشاندانی داتا و زانیارییەکان و ڕوونکردنەوەی زیاتر گرنگی خۆی هەیە، پرۆژکتەرەکان قەبارەیان بە جۆرێکە ناکرێت لە گیرفان بخرێت و بۆ لەگەڵ خۆت بۆ شوێنی دیکەی بەری، ئەی ئەگەر پرۆژکتەرەکە بەقەد قەڵەمێك بێت؟ pen projector کە پێکهاتووە لە سیستەمی پرۆژکتەری لە LED دروستکراو بۆ نیشاندانی داتاکان بەرهەم هاتووە.

قەڵەمەکە لە پولا دروستکراوە و چەندین ئەڵقەی هەن بۆ ڕێکخستنی گەورە و بچووکردنی نیشاندانی داتاکان. قەڵەمەکە لە ڕێگای بلوتوسەوە فیلم و داتاکان وەردەگرێ و بڵاویان دەکاتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت ئەگەرچی فلاش میمۆرییەکەم پڕە لە فایل کەچی هیچ نیشان نادا، چ ڕێگایەك هەیە بۆ نیشاندانی فایلەکانی ناو فلاشەکەم؟**

خوێنەری بەڕێز پێش هەمووشتێك دەبێ بڵێین، فلاشەکەت تووشی ڤایرۆس بووە، بۆ ئەوەی فایلەکانت نیشان بدەی، دەکرێت لە خودی کۆمپیوتەرەکەت لەبەشی folder option دا ئەم کارە ئەنحام دەدریَ و لەبەشی view دواتر بەشی hidden folder. بەڵام ئەم کردارە دژوارە و دەتوانی بە پرۆگرامی USB Hid-den Folder Fix ئەم کارە بکەی. ئەم پرۆگرامە بچووکە، کاریگەری زۆری هەیە، کاتێك پرۆگرامەکە دەکەیەوە لەبەشی open دا فلاش میمۆرییەکە هەڵبژێرە و بە ئاسانی هەموو ئەرکەکان ئەنجام دەدات و گشت فایلەکان نیشان دەدات. بەڵام بۆ زانیاریت ئەمە ڤایرۆسەکان ناسڕێتەوە، بەڵکو دەبێت لەسەرەتادا بە ئەنتی ڤایرۆسێکی بەهێز ڤایرۆسەکان لەناوبەری..






# سامسۆنگ خێراترین مۆنیتۆر بەرهەم دێنێ

کۆمپانیای سامسۆنگ لەم ماوەیەدا نوێترین مۆنیتۆری گەیمینگی خۆی بەناوی C27RG5 خستەڕوو، ئەم مۆنیتۆرە خێراییەکەی ٢٤٠ هێرتێزە و لەگەڵ سیستەمی جۆری G-Sync ئەنۆڤیدیا دەگونجێت.

مۆنیتۆری ناوبراو ٢٧ ئینجە، لە ریزی شاشە چەماوەکانی تایبەت بەگەیم دێن. بەڕێوەبەری بەشی شاشەکانی سامسۆنگ واتە (سئوگ جیم کیم) لەم بارەوە دەڵێت، بەهۆی ئەم مۆنیتۆرە لە پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیای گرافیکی سود وەردەگری، ئەزموونی یاریکردن لەم شاشەیەدا گەیشتۆتە لووتکە.

سیستەمی پێشکەوتووی شاشەکە بە جۆرێکە تەنانەت لە یارییە ئەنیمەیشنە و جۆڵەدارەکانیشدا وێنەکان بە روونی دەبیندرێن. گشت یارییەکان بە کوالیتی بەرز ئەنجام دەدرێن. مۆنیتۆرەکە لەگەڵ مۆنیتۆرێکی هاوشێوەی خۆی پەیوەند دەدرێن و دەبن شاشەیەکی ٤٩ ئینجی. ئەوکات نیشاندان بە جۆرێکە بەکارهێنەر هەست بەوە دەکات خۆی بەشێکە لە یارییەکە.

## ماڵپەڕێک بۆ zip کردنی فایلەکان

زیپ کردن zip بەو کردارە دەگوترێ کە نیازت هەبێ چەندین فایل پێکەوە لە فۆلدەرێکدا کۆبکەیەوە وئاسانکارییەکی زۆر لە بەڕێکردنی فایلەکان لە ئینتەرنێتدا دەکات. بۆ نموونە ئەگەر بتهەوێ ٥٠ فایل لەیەك کاتدا بەڕێ بکەی بۆ ئیمیلێك ئەوە دەبێت پەنجاجار کرتە بکەی و کرداری بەڕێکردن و وەرگرتنەکەش دژوارە.

یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی زیپ بچووکردنی قەوارەی فایلەکانە بەبێ ئەوەی کە کێشەیەك لە کوالیتی و دەستکاری کردنی فایلەکان دا بکات.

کرداری زیپ کردن بە پرۆگرامەکانی zip و rar ئەنجام دەدرێن کە دەبێ حەتمەن لەسەر کۆمپیوتەرەکەت هەبن. بەڵام ئەگەر بتهەوێ بەبێ پرۆگرام ئەم کارە ئەنجام بدەی ئەوە سەر لە ماڵپەڕی Docspal بدە. بەکارهێنانی ئاسانە و هەر ئەوەندە فایلەکانی مەبەستت دیاری بکە و پاشان فەرمانی Enger file URL لێبدە.

## پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی پاسۆردەکان

پاسۆرد و کۆدی نهێنی گرنگترین کلیلی رازە شاراوەکانن. ئەگەر ئەم کلیلانە کەوتنە دەستی کەسێکی دیکە ئەوکات لە بواری مادی مانەویدا تووشی کێشە دەبی. جار هەیە ئاشکرا بوونی کۆدی نهێنی کارتی بانك دەتوانێت زیانێکی زۆر بە خاوەنەکەی بدات.

زۆر رێگا هەن بۆ پاراستنی کۆدە نهێنییەکان، بۆ ئەوەی رازەکانت بشادرێنەوە و سیخوڕییە مەجازییەکان کێشەت بۆ دروست نەکەن پرۆگرامی Password Depot بەکار بهێنە.

پرۆگرامەکە وەك کۆگایەك دەێت، یان وەك گەنجینەیەکی سەربەمۆر، کە دەتوانی بە دڵنیاییەوە هەموو نهێنییەکانتی تێدا بشاریەوە. بەشێك لەتایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- دەتوانی فایلەکانی تایبەت بە کۆدە نهێنییەکان واتە پاسۆردەکان لە هەر شوێنێك بێ دابنێی.

- دەتوانی لەسەر فلاش میمۆریش دایبنێی و لە کاتی سەفەردا لەگەڵ خۆتی بەری.

- یان لە ئینتەرنێتدا رابیگری و هەرکاتێك مەبەستت بوو سوودی لێوەربگری.

پرۆگرامەکە هەرکاتێك پاسۆردەکانت تێدا هەڵگرتن، ئەوکات ئەگەر ویستت بۆ نموونە فەیسبوك بکەیەوە، ئۆتۆماتیکی کۆدە نهێنییەکە دادەنێ و پێویست بە دانان و نووسینەوەی ناکات. نەك هەر کۆدی نهێنی بەڵکو ئەو فۆرمانەی پڕکردوونەتەوە، وەك ناو و تەمەن و رەگەز و ئەو زانیاریانەی بۆ هەندێك فۆرم پێویستن، پێویست ناکا جارێکی دیکە بینووسیەوە بەڵکو پرۆگرامی ناوبراو ئۆ تۆ ما تیکی دایدەنێ.

